

# بازرگانە کوردەکان چینییەکان فێری تەزویری کاڵاو شمەکەکان دەکەن

**لەپێناوی دەستکەوتنی قازانجی زۆردا، بازرگانە کوردەکان لە چین داوای دروستکردنی کاڵاو شمەکی تەقلید دەکەن**

**راپۆرتی سالار مەحمود**

**فۆتۆ : هێمن عەبدولقادر**

● بازرگانە کوردەکان پۆل پۆل ڕوودەکەنە وڵاتی چین‌و لەوێ لەو وڵاتە گەورە پیشەسازییەوە بەخاتری زۆرترین‌و چاکترین قازانج بەلێشاو خراپترین جۆری شمەك‌و کەلوپەل‌و پێداویستییەکان لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە بۆ بازاڕەکانی کوردستان، بەگوتەی زۆرێك لەو بازرگانانەی کە ڕوودەکەنە ئەو وڵاتە، دیاردەکە لە هەڵکشاندایەو بازرگانە کوردەکانیش بوونەتە جێگەی سەرسوڕمان لای بازرگانە چینییەکان بەوەی بۆچی میللەتەکەی خۆیان خۆشناوێت‌و خراپترین جۆری پێداویستییەکان دەبەنەوە بۆ کوردستان، بەگوتەی چەند کەسێکیش دیاردەکە چووەتە ڕووپەڕی ڕۆژنامە چینییەکان.

کامیل حاجی عەبدوڵڵا یەکێکە لەو بازرگانانەی کە لە بواری شتومەکی کارەباییدا مامەڵەدەکات‌و چەندجارێك سەردانی وڵاتی چینی کردووە بە مەبەستی بازرگانی، کامیل جەخت لەسەر بوونی ئەم دیاردەیە دەکاتەوەو دەڵێ: "ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بازرگانە کوردەکان کاتێك دەچنە ئەو وڵاتە لەپێناو ئەوەدا کە زۆرترین قازانج بکەن دەچن خراپترین‌و هەرزانترین شتومەك دێننەوە بۆ کوردستان، لەو وڵاتەش تۆ داوای هەرچییەك بکەیت ئەوەت بۆ دروستدەکەن‌و بەئارەزوو ویستی تۆش مۆری هەر وڵاتێکت بوێت لێیدەدەن (یابان، ئەڵمانیا، تورکیاو مالیزیا) شتی باشت بوێت، بۆت دروستدەکەن، خراپ‌و هەرزانت بوێت، بۆت دروستدەکەن، بەگوێرەی ئەو پارەیەی کە تۆ دەیدەیت، بەڵام بەداخەوە بازرگانە کوردەکان بۆ ئەوەی قازانجێکی زۆر بکەن گوێنادەنێ دەچن شتی خراپ‌و هەرزان دێنن".

ئەم بازرگانە باس لەوە دەکات کە هەموو شتێکی خراپی دیوەو چەند جارێکیش لە چین پێیانوتووە کە شتی تەزویری بە نرخێکی زۆر هەرزان بۆ دروستدەکەن، بەڵام ئەم قبوڵی نەکردووە، هەروەك خۆی دەڵێت: "چەند جارێك پێیانوتم با شتی تەزویرت بۆ دروستبکەین، بەڵام من ویژدانم قبوڵی نەکرد ئەو کارە بکەم، ئەگەر بمکردایە زۆرترین قازانجم دەکرد، بەڵام لەسەر حسابی فەقیرو



هەژارانی ولاتەکەم".

حسێن حاجی ڕەسوڵ کە ئەندامی ژووری بازرگانی سلێمانییەو خاوەنی پۆشاکی شارە لە تەلاری کاوەو لە ولاتی تورکیاوە پۆشاك دێنێ بە ئەوپەڕی نیگەرانییەوە لە دیاردەکە دەدوێت‌و دەڵێت: "ئێمە تەنها گلەیی لە حکومەت‌و مەسئولەکان دەکەین‌و بەگەندەڵ ناویان دەبەین، بەلام کۆمەڵێك بازرگانی چاوچنۆك‌و گەندەڵ هەن زۆر لەوان خەتەرترن بۆ ولات".

ئەم بازرگانە لە دوکانەکەی خۆیدا کراسێکی پیشانداین‌و وتی: "ئەمە کراسی (دۆتو)یەو شەریکەکەی لە تورکیایەو من لەوێ دەیهێنم‌و دەیدەم بە چواردە هەزار، بەلام کوڕێکی خزمی خۆمان هاتە لای من‌و دووان لەو کراسانەی کڕی‌و بردی لە چین تەزویریکردو ئێستا دەیفرۆشێ بە پێنج هەزارو لە شێوەشدا هیچ فەرقێکی نییەو جوداناکرێتەوە، لە تورکیاش خاوەنی شەریکەی (دوتۆوکوبی) جوێنیاندەداو دەیانوت لە سلێمانی کراسی شەریکەی ئێمەیان تەزویرکردووە، منیش وەستابووم‌و لە شەرمدا ئارەقم دەڕشت، چونکە من تەنها وەکیلی ئەوانم لە سلێمانی".

(هادی مەجید)یش کە یەکێکی دیکەیە لەو بازرگانانەی کە سەردانی چین دەکات وتی: "لە چین شتی خراپ‌و بێکەڵکیان بۆ هاوڕێیەکم دروستکردبوو، کاتێك پێیزانیبوو؛ پێیانوتبوو کاکە خۆتان فێری تەزویرو فڕوفێڵتان کردین".

لە زۆربەی ولاتانی دنیاوە بازرگانەکان ڕوودەکەنە ئەم ولاتە پیشەسازییە گەورەیەو بازاڕی ولاتانیش لە چین جیابووەتەوە، شاری (ئیو) سەنتەرێکی گەورەی بازرگانییەئ بازرگانە کوردەکان بە مەبەستی وەدەستخستنی پێداویستییەکان بەزۆری دەچنە ئەم شارەو ئەوێ بە شارو بازاڕی بازرگانە کوردەکان ناسراوەو بەهیچ کلۆجێك بازرگانە ئەوروپییەکان ڕووناکەنە ئەم شارە، بەگوتەی گەورە بازرگانێکی شاری سلێمانیش بازرگانە ئەوروپییەکان ئەم بازارە بە منداڵبازاڕ دەزانن‌و بەپێچەوانەشەوە بازرگانە کوردەکان‌و شەرقییەکانیش ناچنە بازاڕی ئەوروپییەکان، چونکە پێداویستیەکانیان گرانە بەلام باش‌و نایابە.

هادی مەجید کە بازرگانی قوماشە ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: "لە چین بازرگانە ئەوروپییەکان بازاڕی تایبەت‌و جیاوازیان هەیە، ئەو بازاڕانەش مامەڵە لەگەڵ بازرگانی شەرقی‌و کورددا ناکەن، چونکە دەزانن شەرقییەکان کەلوپەل‌و پێداویستی خراپ‌و هەرزانیان دەوێت".

سەبارەت بەوەی کە بۆچی بازرگانە کوردەکان هەوڵدەدەن شتی خراپ‌و هەرزان هاوردەبکەن، ئایا ئەمە تەنها لەپێناوی زۆرترین قازانجدایە یاخود پەیوەندیی بەڕەوتی بازاڕەکانی کوردستانەوە هەیە، بازرگان (کامەرانی حاجی مەجید) دەڵێت: "لێرە خەڵکی بەگشتی‌و کڕیار بەتایبەتی تەنها بیر لە هەرزانی شمەك‌و پێداویستییەکانیان دەکەنەوەو بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەو شتەی ئەوان دەیکڕن جۆرایەتییەکەی چەندە باش‌و بەکەڵکە، هەر شتێك هەرزان بێت کڕیار ئەوەی دەوێت‌و لای گرنگ نییە ئەسڵە یاخود عادییە".

بەبڕوای هادی مەجید بازرگانەکان هێندە بێویژدان نین کە تەنها شتی هەرزان‌و بێکەڵك هاوردەی کوردستان بکەن، ئەو دەڵێت: "من باوەڕم وانییە بازرگانەکان ئەوەندە بێویژدان بن کە حەزبکەن تەنها شتی خراپ‌و هەرزان‌و بێکەڵك بێننەوە کوردستان، بەڵکو خەڵك حەزی لە شتی هەرزانەو سەیری نرخی شت دەکەن"، بەلام کامیلی حاجی عەبدوڵلا ئەوە بەڕاست نازانێت کە خەڵك تەنها کڕیاری شتی هەرزان بن‌و گوێ نەدەنە چۆنایەتیی شت، ئەم بازرگانە زیاتر دەدوێ‌و دەڵێت: "سەرباری ئەوەی کە شتەکان بێکەڵك‌و عادین، زۆربەی فرۆشیارەکان بەنرخی ئەسڵ‌و دەرەجە یەك دەیفرۆشن بە کڕیارەکان".

"لەبەر خراپی باری ئابووریی‌و گوزەران لەپێش ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا خەڵکی کوردستان بیریان لە کڕینی شتی باش‌و چاك نەدەکردەوە، بەڵکو مەبەستیان بوو بە هەر جۆرێك بووە پێداویستییەکانیان پڕبکەنەوە، بەلام پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس‌و باشبوونی گوزەرانی خەڵکی‌و زیادبوونی موچە ئێستە خەڵك سەیری چۆنایەتیی‌و شمەکی باش دەکات، هەربۆیە دەبێت بازرگانەکان بە عەقڵیەتی دە ساڵ لەمەوبەر مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا نەکەن"، یاسین ڕەحیم فەرەج ئەندامی دەستەی کارگێڕیی ژووری بازرگانی سلێمانی ئەمەی وت‌و زیاتریش لە دیاردەکە دواو وتی: "بازرگانێك کە بارودۆخی نوێی عێراق دروستی نەکردبێت ناتوانێت بەویژدانەوە مامەڵەبکات‌و دڵسۆزییەکەی تەنها بۆ گیرفانیەتی‌و هەندێك بازرگانیش بەهۆی نەزانینەوە لەچین شتی خراپیان پێدەدرێت". یاسین ڕەحیم بوونی سەیتەرەی تەقلیس‌و نەوعی بە پێویستییەکی حەتمی دەزانێ بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنەناوەوەی شتی خراپ‌و بێکەڵك بۆ کوردستان، بەلام کامەرانی حاجی حەسەن دەڵێت: "ئەگەر سەیتەرەی نەوعیش هەبێت ئەوا شمولی کۆمەڵێك بازرگان ناکات".